## دیموکراتیزەکردنی میسرو تونس...

# ئیسلامیەکان ئاستەنگ نین

### (47%)ی مسیرییەکانو (38%)ی تونسییەکان پێیانوایە وڵات لەدۆخێکی خراپتر لەسەردەمی پێش شۆڕشدان



لەعەرەبییەوە: فاروق جەمیل کەریم IDEA DEPLOMATIC

**زستانێکی ئیسلامی**

دوای تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەر (بەهاری عەرەبی) لەتونسو میسر، زۆربەی هاووڵاتیانی ئەو دوو وڵاتە هەست بە بێئومێدی دەکەن، بەهۆی سستی ریتمی گۆڕانکارییەکانو بەدی نەهاتنی پێشبینیەکانی پەیوەست بە زیادبوونی هەلی کارو کرێی کارکردنیان، ئەمە سەرەڕای نیگەرانییان بەرامبەر رەفتاری پاوانخوازی دەسەڵاتداران، بۆیە سەرەنجام لەمیسرو تونس نارەزایەتییەکان دەستیانپێکردەوە، تیرۆرکردنی شوکری بەلەعید سەرکردەی دیاری ئۆپۆزسیۆنیش کەداوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی دەکرد هێندەی تر دۆخەکەی ئاڵۆزکرد، جیا لەوانەش تادێت رەشبینی چاودێرانی نێودەوڵەتی لەبارەی ئاسۆکانی دیموکراسی زیاتر دەبێتو دەڵێن»بەهاری عەرەبی گۆڕاوە بۆ زستانی عەرەبی، بەڵام ئەو پێشبینییە رەشبینانەیە بۆ زستانی عەرەبی»

تێگەیشتنێکی ناکامڵی پرسە ئاڵۆزەکان بووە، لەلایەکی تریشەوە پشتی بەستووە بەپێشبینی ناواقیعی لەبارەی وەرچەرخانە خێراو نەرمەکەوە، وەک ئەوەی شیکەرەوەکانی وەک تۆماس فریدمانو دانێڵ بایبسو فەرید زەکەریا بەڵگەیی نابابەتی بەکاردەهێنین، لەشیکردنەوەی ئەو ئاستەنگە سیاسیو

ئابوریو کۆمەڵایەتییانەی کەرووداوەکان لەسەر زەوی دەبزوێنین.

تەنانەت مشتومڕە قوڵەکانیش بەئاڕاستەیەکی ناشرینکەر تەرکیز دەکەنە سەر هێزو نیازی ئیسلامیەکان.

روماڵکردنە رۆژنامەوانیەکانی تایبەت بەکێبرکێی توندی شەقامو پەرلەمانو سندوقەکانی دەنگدانیش تێگەیشتنێک دەخەنەڕوو، کەئاکامی گۆڕانەکە لەڕێی هێزی رێژەیی ئیسلامیو عەلمانیەکانەوە دیاریدەکرێت، بەڵام توێژینەوەی ئەم دواییەمان پێچەوانەی ئەوە نیشاندەدات.

راپرسییەک کەلەنێو (120) تونسیو (4080) میسری لەتشرینی یەکەمو تشرینی دووەمدا ئەنجامدراوە، واتە نزیکەی ساڵێک دوای هەڵبژاردنەکانی پاش شۆڕش، دەریدەخات دامەزراوەکان بایەخێکی گەورەتر لەئیسلامیان هەیە لەدیموکراتیزەکردنی هەردوو وڵاتدا.

دوای ئەوەش لەبری نیگەرانی بەرامبەر ئیسلامیەکان کۆمەڵی نێودەوڵەتی پێویستی بەوەیە تێگەیشتنی وردی هەبێت دەربارەی وەرچەرخانی سیاسی لەجیهانی عەرەبیداو پێویستە هەوڵبدات بۆ تۆکمەکردنی دامەزراوەکانو چاکسازییە ئابورییەکان لەوڵاتاندا دوای بەهاری عەرەبی.

توێژینەوەکە دەریدەخات هاووڵاتیان تێڕوانێکی میانڕەوەیان هەیە بۆ رۆڵی ئاین لەسیاسەتدا، زیاتر لەوەی ئێمە پێشبینی دەکەین. ئەوەتا کەمینەیەکی دانیشتوان (26%) لەتونس و (28%) لەمیسر لەو باوەڕەدان کەپێویستە ئیسلام رۆڵی گەورەتری هەبێت لەحکومەتدا، هەروەها تەنها (27%)ی ئەوانەی دەنگیانداوە بەحزبی نەهزەی تونسی لەساڵی (2011)دا خوازیارن پەیوەندییەکی توند لەنێوان ئاینو سیاسەتدا هەبێت، بەهەمانشێوە لەمیسریش تەنها (16%) ی ئەوانەی دەنگیان داوە بەحزبی نوری سەلەفی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (2011) دا بەپێویستی دەزانن سەرکردە ئاینییەکان کاریگەرییان هەبێت لەسەر سیاسەت.

هەر بەپێی ئەو راپرسییە تونسو میسرییەکان چاویان لەگەشەی ئابوررییە،

**بەگوێرەی دەرئەنجامی راپرسیەک کەدوای هەڵبژاردنەکانی تونس ئەنجامماندراوە ئێستا حزبی نەهزە نزیکەی (46%) ی دەنگی خەڵکی هەیە، لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (2011)دا تەنها (35%)ی دەنگەکانی هێناوە**

کاتێک لەبارەی دیموکراسیترین خەسڵەتەوە پرسیاریان لێکراوە(69%)ی میسرییەکانو (32%) ی تونسییەکان بایەخیان داوەتە پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵک، یان کەمکردنەوەی بۆشایی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران.

(69%) میسرییەکان کەلایەنگری حزبی ئازادیو عەدالەنو (67%) ئەوانەی لایەنگیری حزبە عەلمانیەکانن لەو باوەڕەدان دیموکراسی بەرەنجامی ئیجابی ئابوری دەبێت، لەتونیش (29%) لایەنگرانی حزبی نەهزەو (32%) لانگرانی حزبە عەلمانیەکان هەمان بۆ چونیان هەیە.

لەهەردوو وڵاتدا حزبە ئیسلامیەکان لەهەڵبژاردندا پشتیوانییەکی باشیان هەبووە، ئەویش نەک لەبەرئەوەی هاوسۆزییەکی ئایدۆلۆژی بەرفراوان لەنێو هاووڵاتیاندا هەیە، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کەحزبە ئیسلامیەکان، لەهەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا لێهاتوویی خۆیان سەلماندوە، حزبە ئیسلامیەکان لەمیانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا رێکخراوتر

بوونو لەحزبەکانی تر بەگوڕتر دەرکەوتن.

بەگوێرەی راپرسییەکانی پەیمانگای دیالۆگی میریو دانیمارکیو سەنتەری ئەهرام بۆ توێژینەوە سیاسیو ستراتیژییەکان لەڕێی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، لەماوەی نێوان ئەیلول تاتشرینی دووەمی (2011) پشکی دەنگی حزبە ئیسلامیەکانی میسر (45%)ەوە زیادیکردوە بۆ (70%)، هەروەها (19%)ی ئەو میسرییانەی رایان وەرگیراوە بابەتەکانی هەڵبژاردنیان لەڕێی حزبی ئازادیو عەدالەوە پێگەیشتووە، لەبەرامبەردا (6%)یان ئەو بابەتەیان لەڕێی حزبی نورەوە پێگەیشتووە کەخاوەنی دووەم گەورەترین سەرچاوەی داراییە.

ئەوانەی کەبۆچونمان وەرگرتن دەیانزانی لەکوێدا ئیسلامیەکان دەوەستن بەرامبەر مەسەلە سەرەکیەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەپرۆگرام و ئەجێندای حزبەکانی تر دڵنیا نەبوون.

(85%)ی میسرییەکان هەڵوێستی حزبی ئازادیو عەدالە دەزانن لەبارەی ئاینەوە(61%)یشیان دەتوانن رواڵەتەکانی پرۆژە ئابورییەکەی ئەو حزبە دەستنیشانبکەن.

لەتونس (83%)ی بەشداربووان لەتوانایاندایە هەڵوێستی حزبی نەهزە تێبگەن لەبارەی ئاینەوە، (60%)یشیان لەتوانایاندایە هەڵوێستی ئەو حزبە بزانن لەبارەی ئابورییەوە سەرباری شەعبیەتی ئیسلامییەکان، هەندێک لەچاودێران دەڵێن »ئەو حزبانە دەدۆڕێن ئەگەر بکەونە ژێر تاقیکردنەوەی حوکمڕانیەوە، هەرواش دەرچوو بەگوێرەی توێژینەوەیەکی نوێ (47%)ی میسرییەکانو (38%) ی تونسیەکان وای دەبینن هاووڵاتیان لەدۆخێکی خراپتر لەسەردەمی پێش شۆڕشدایە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کەئیسلامییەکان شەعبیەتیان لەدەستدەدەن، تائێستا هیچ حزبێکی تر نەیتوانیوە لەئاستی هەژمونی حزبی ئیسلامییەکان نزیک بێتەوە، بگرە حزبە ئیسلامییەکان لەوەتەی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە شەعبیەتیان زیادیکردوە.

بەگوێرەی دەرەئەنجانی ڕاپرسیەک کەدوای هەڵبژاردنەکانی تونس ئەنجامماندراوە، ئێستا حزبی نەهزە نزیکەی (46%)ی دەنگی خەڵکی هەیە لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (2011)دا تەنها (35%)ی دەنگەکانی هێناوە، لەمیسریش ئێستا حزبی ئازادیو عەدالە ڕێژەی لایەنگرانی گەیشتوەتە(43%)، کەپێشتر ئەم حزبە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (2011)دا (38%)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، هەروەها دەنگی لایەنگرانی حزبی نوری سەلەفیش لەچاو دەنگەکانی ساڵی (2011)دا زیادیکردوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا حزبە ئیسلامیەکان توانیویانە پارێزگاری لەبنکەی جەماوەریی خۆیان بکەن، لەنێو دەنگدەراندا (86%)ی ئەوانەی دەنگیان بەحزبی نەهزە داوەو (84%)ی ئەوانەشی دەنگیان بە حزبی ئازادیو عەدالە داوە، ئامادەن سەرلەنوێ دەنگ بەو حزبانە بدەنەوە، بەڵام حزبەکانی تر ئەو چانسەیان نییە، بۆنمونە حزبی وەفدی میسری توانیویەتی پارێزگاری لە(60%)ی دەنگدەرەکانی بکات، هەرچی حزبە ئیسلامییەکانە توانیویانە سەرنجی دەنگدەرانی حزبی توندڕەوەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن، (23%)ی ئەوانەی لەهەڵبژاردنەکانی (2011)دا دەنگیانداوەتە حزبی نوری سەلەفی دەڵێن»دەنگ بەحزبی ئازادیو عەدالە دەدەین، ئەگەر هەڵبژاردنێکی تر بێتە پێشەوە، بەڵام (2%)ی دەنگدەرانی حزبی ئازادیو عەدالە ئامادەن دەنگ بەحزبی نور بدەن لەهەڵبژاردنی داهاتوودا.

لەتونس تەنها (29%)ی ئەوانەی دەنگیانداوەتە حزبی تەکەتولی دیموکراسی کۆمەڵایەتیو تەنها (33%)ی ئەوانەی دەنگیانداوەتە حزبی کۆنگرە، لەپێناو کۆماریدا ئامادەن جارێکی تر لەهەڵبژاردندا دەنگ بدەن.

لەراستیدا پێدەچێت حزبە ئیسلامییەکان ڕووبەڕووی کاتێکی قورس بووبنەوە لەپارێزگاریکردن لەئاستی باڵای پاڵپشتی جەماوەر بەهۆی ژینگەی سیاسی شێواوی هەردوو وڵاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕێژەیەکی زۆری دەنگدەران هەڵوێستی خۆیان، لەبارەی هەڵبژاردنی داهاتوو یەکلایی نەکردوەتەوە (60%)ی تونسیەکانەوە (39%)ی میسرییەکان، ئەم جگەلەوەی هێشتا هەردوو وڵات لەقۆناغی وەرچەرخانێکی دژواردان.

لەنێو گۆڕانکارییەکانی پاش بەهاری عەرەبیدا تائێستا ئەدای تونس لەئەدای میسر باشتربووە، بەو پێیەی کەتوندوتیژیو خۆپیشاندانی کەمتری تێدایەو سەقامگیریەکی سیاسی گەورەتری بەخۆوە بینیوە، بەشێکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دەوڵەتی تونس دەبنەوە کەژمارەی دانیشتوانەکەی کەمتر لە(11) ملیۆن کەسەو نزیکەی (98%) یان سوننە مەزهەبن، کەچی میسر وڵاتێکی هەمەچەشنە، بەڵام لەبنەڕەتدا سەرکەوتنی تونس دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراوە بەهێزەکانی کەئەمەش مشتومڕێکی سیاسی دێنێتە ئاراوە، گرنگتر لەوەش ململانێ لەبارەی بڕیارە قورسەکانی تارادەیەک کەوتووەتە نێو دامەزراوە تایبەتەکان بەتایبەت لیژنەی داڕشتنەوەی دەستور، تەنانەت لەبارەی پرسە ئاڵۆزەکانی وەک مافی ژنو دامەزراندنی لیژنەی هەڵبژاردنەوە مشتومڕ هەبوو نوێنەران کۆدەبوونەوەو چاوی خەڵک لەسەر ئەو گفتوگۆو قسەو باسانەبوو کەلەنێو ئەنجومەنی یاسادانان‌دا هەبوون نەک لەنێو شەقام.

لەمیسر پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوەو ململانێیەکی توند هەڵگیرسا لەبارەی سەرۆکاتیکردنی وڵاتەوە، توندوتیژی لەشەقامەکاندا بووە دیاردەییەکی چەندبارە.

بەوتەی زۆربەی چاودێران، میسر لەدوای شۆڕشەوە ناسەقامگیری زیاتری بەخۆوە بینیوە، بەهۆی میراتی وڵات لەبەئاینیکردنو زاڵبوونی ڕەوتی ئیسلامیەکانەوە.

هەروایشە جیاوازیی مێژوویی بنەڕەتی هەیە لەنێوان میسرو تونس لەڕووی ڕۆڵی ئاین لەدەوڵەتدا، ڕژێمی تونسی دوای ئیستعمار بەسەرۆکایەتی سەرۆک حەبیب بورقیبە بانگەشەی کۆمەڵگەیەکی عەلمانی دەکردو ئیسلامیەکانی سەرکوتدەکرد.

هەروەها چاکسازییە سەردەمیەکانی بورقیبە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لەلاوازکردنی ئیسلامیەکانو پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی تونسیدا بەهێزبوو، ئەو وڵاتەش کەوتە سەر ڕێڕەوی عەلمانیەت لەسەر دەستی ڕژێمی سەرکوتکەری زەین عابدین بن عەلی، بەپێچەوانەی ئەوەوە چاودێران دەڵێن» سەرکردە عەلمانیەکانی میسر وەک سەرۆک جەمال عەبدولناسر هەوڵیاندەدا ئیسلامو نوێگەری پێکەوە بگونجێنن لەبری دورخستنەوەی ئاین لەکەشی گشتی.

هەروەها ئیسلامییەکان لەمیسر ئازادییەکی زیاتریان هەبووە لەهاوتا تونسیەکانیشیانو موحافزکارتر بوون.

هەر لەمیسر بزاوتی سەلەفی بەهێزترو ڕێکخراوتربوو، نفوزی ئەم بزاوتە لەوەدا دەرکەوت کەلەهەڵبژاردنەکانی (2011)دا نزیکەی (28%)ی دەنگەکانی بەدەستهێناو دوای حزبی ئازادیو عەدالە پلەی دووەمی گرت.

لەگەڵ ئەوانەشدا توێژینەوەیەک هەیە ئەو ئەفسانەیە رەتدەکاتەوە کەرەوتی ئاینی فاکتەری سەرەکی جیاوازی نێوان میسرو تونس بێت لەدوای بەهاری عەرەبییەوە، لەڕاستییدا میسرییەکان لەتونسیەکان دیندارتر نین، بۆنمونە بەشێکی میسرییەکان وتویانە بەدەگمەن بەشداری ڕێوڕەسمە ئاینییەکان دەکەن.

ڕێژەکەی (30%)، لەکۆتاییدا کارەکە پەیوەست نییە بەدینداریەوە، بەڵام پەیوەستە بەهێزی ڕێژەی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە، کەئەوەیە پێکهێنەری جیاوازییە سەرەکیەکەی تێدایە تونسو میسر لەدوای بەهاری عەرەبییەوە.

دامەزراوە میسرییەکان لاوازنو بەردەوامیش دووچاری لاوازکردن دەبنەوە، هەروەها جیاوازی پێگەی جیۆسیاسی وڵاتیش لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بۆ تونس وڵاتانی بیانی کەمتر پاساوی دەستوەردانیان هەیە، بەڵام نزیکی میسر لەئیسرائیلو فەلەستین، ڕێکەوتنی ئاشتی ساڵی (1979) لەگەڵ ئیسرائیل ڕۆڵی میسر وەک تێوەندگیری ئیسرائیلو حەماس، وادەکات هەر پەرەسەندنێکی سیاسی

لەناوخۆی ئەم وڵاتەدا، بایەخی تایبەتیان هەبێت بۆ ئیسرائیلو ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا، پاشان میسر زیاتر جێگەی ئامانجی دەستوەردانە بەهۆی تۆکمەیی سوپاکەیەوە، سوپاکەی یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات لەمیسر، سوپای میسر هێزێکی ئابوریی گرنگی هەیە بەو رادەیەی کە (10 تا30%)ی کۆی داهاتی ناوخۆی وڵات دابیندەکات

لەلایەکی ترەوە کەرتی قەزاوەتی لەمیسر کەلەهاوتا تونسیەکەی بەهێزترە زۆرجار ئاستەنگ دەخاتە بەردەم پرۆسەی دیموکراسی ، بۆنمونە دادگای باڵای دەستورسی میسر ساڵی پار بەپێی بڕیارێک رایگەیاند پەرلەمان کەئیسلامیەکان تێیدا زاڵنو لیژنەی هەڵبژێردراوی دەستوری هیچکامیان دەستوری نین، چونکە حزبە ئیسلامیەکان کێبڕکێیان لەسەر ئەو کورسیانە کردوە، کەبۆ کاندیدە سەربەخۆکان تەرخان کراون، ئەو بڕیارەش وڵاتی ئیفلیج کردو وای لە دەسەڵاتی تەنفیزی کرد، رێوشوێنی توند بگرێتەبەر، دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی بۆ خۆپاراستن لەحوکمێکی هاوشێوە محەمەد مورسی حەسانەی بەخشیە لیژنەی دامەزرێنەرو بڕیارە تایبەتەکانی، ئەم هەنگاوەش شەپۆلێکی نارەزایی ترسناکتر لەنارەزاییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی حوزەیرانی (2012)ی لێکەوتەوە.

هەروەها غیابی یەکێتیە کرێکارییەکانیش یارمەتیدەرە بۆ گەورەبوونی دیمەنە شێواوەکەی میسر ، ماوەی (60) ساڵ یەکێتیە کرێکارییەکان لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بوون تا ئەو کاتەی چەند مانگێک پێش لەکارلابردنی موبارەک ئەو مافەی پێدان خۆیان کاری خۆیان رێک بخەن، کاتێک بەهاری عەرەبی گەیشتە میسر، هێشتا کرێکاران رێک نەخرابوون و ماوەیەکی کەمیشیان لەبەردەمدا بوو بۆ بڕیاردانی پێویست لەبارەی چوارچێوەکان یەکبوونەوە، دوای ئەوەش کێبرکێی کوێرانەی یەکێتیە کرێکارییەکان یارمەتیدەرێکی تر بوو بۆ شێوانی زیاتری دۆخەکەو پاشەکشەی ئابوری.

دیموکراسیەکەی میسر ناتوانایی دامەزرراوەکانی دەرخست لەفەراهەمکردنی پێداویستیەکانی هاووڵاتیانو خواستی هەبوونی چەند لایەنێکی کارا کەتوانای کێبڕکێیان هەبێت، نەک لەرێی دابەشبوونو دووبەرەکی لەنێوان ئیسلامیو عەلمانیەکاندا.

دامەزراوەکانی میسر شکستخواردوبوون لەدیاریکردنی چوارچێوەیەکی دروست بۆ مشتومڕەکان، هەروەها هێزە توندڕەوە ئۆپۆزسیۆنەکانیش زیادبوون لەشەقامدا.

لەهەمانکاتدا هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆن (بەرەی رزگاریی نیشتمانی) واقیعیەتی خۆی لەدەستداوە، هیچکام لەلایەنە رکابەرەکان شێوازێکیان نییە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی هەڵبزڕکاوی وڵات، ئەمەش بەجۆرێک ئاستەنگی بۆ حکومەت دروستکردوە کەمیسرییەکان ئاواتەخوازی گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی خۆسەپێنی وەک سوپا بن، بەڵام شتێکی وەها لەتونس لەئارادا نییە.

سەرەڕای ئەوەی دامەزراوەکان لەتونس سستنو خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوە نین، کەچی هێشتا (صمام امان)ن دژی هەر پەرەسەندنێکی مەترسیدار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چارەنوسی ئەو وڵاتە لەدڵنیاییدا نییە، بێزاری بەرامبەر پرۆسەی گۆڕانکارییەکە رەنگە ببێتەهۆی تێکچونی زیاتری باری ئابوریو شکستخواردنی حکومەتی نوێ لەدۆزینەوەی هەلی کارو دابینکردنی پێداویستیەکانی هەژاران.

نزیکەی نیوەی تونسیەکان کەبەشداری راپرسیەکەیانکردوە بێزاریو نیگەرانی خۆیان بەرامبەر حکومەت دەربڕیوەو (28%)یشیان لەحکومەت رازین.

دور نییە کێشە ئابورییەکان لەتونس پابەندییەکانی حکومەت بەدیموکراسیەوە لاوازبکەن، بەڵام بەبێ سوپایەکی بەهێز سەرهەڵدانی حکومەتێکی خۆسەپێن لەو وڵاتە ئەگەرێکی دورە.

تائێستا لیژنەی دارشتنی دەستور لەتونس چوارچێوەی هاوسەنگیو یاسادانانو دروستکردنی بڕیار پێشکەشدەکات، لەکاردانەوەیدا بەرامبەر ئەو قەیرانەی بەهۆی تیرۆرکردنی شوکری بەلعید سەریهەڵدا، سەرۆک وەزیران بڕیارێکی دەرکرد دژی خواستی حزبە ئیسلامیەکەی خۆی (حزبی نەهزە)و داوایکرد حکومەتێکی تەکنۆکرات پێکبهێنرێت کەپشتیوانی بەهێزی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنو یەکێتیە کرێکارییەکان مسۆگەر بکات، ئەم هەنگاوە کارایی دامەزراوەکان نیشاندەدات لەچارەسەرکردنی قەیرانەکاندا، ئەگەر بەچاوێکی وردبیننانەوە تێڕوانینی گشتیەکە ببینین، بۆمان دەردەکەوێت دیموکراتیزەبوون لەجیهانی عەرەبیدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە کەوێنای دەکرێت، ئاستەنگ لەرێگەدا هەیە، بەڵام ناشکرێت وا لێک بدرێتەوە کەمەسەلەکە ململانێی عەلمانیو ئیسلامیەکانە لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی، یان نادیموکراسی.

بنەمای دیموکراسیانەی کەپێویستە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هێزە دەرەکیەکان پشتگیری لێبکەن، بریتین لە دامەزراوەکانو سەروەریی یاساو گەشەی ئابوریو کۆتو بەند لەسەر هێزە نادیموکراسیەکان، ئەوەی تونسو میسریش لێک جودا دەکاتەوە، هەژمونی میانڕەوەکان لەتونسو رادیکاڵەکان لەمیسر نییە، بەڵکو جیاوازییەکە پەیوەستە بەتوانای دامەزراوەییەکانەوە.

دامەزراوە نوێنەرایەتیەکان لەتونس زیاتر پێشکەوتون لەمیسریش دامەزراوە مێژووییەکانی وەک سوپا دادوەری کاراترن کەدەسەڵات پشتیان پێدەبەستێت.

پۆختەکە ئەوەیە کەپێویستە تەرکیزێکی کەمتر بکرێتە سەر دابەشبوونی ئیسلامی–عەلمانیو پەنا ببرێتەبەر بایەخدانێکی زیاتر بەگەشەی ئابوریو بەهێزکردنی دامەزراوەکان.

پێویستیشە سیاسەتی ئەمریکی بەو جۆرە بێت کەپشتگیری دامەزراوەکان بکات لەبری پشتیوانیکردنی لایەنەکانی پرۆسەی سیاسی، هەروەها لەبری ئەنجامەکان بایەخ بەپرۆسەکان بدات، تابتوانێت یارمەتیدەری تونسو میسر بێت لەبەدیهێنانی خواستە دیموکراسیەکانیاندا.

سەرچاوە:

– سایتی «الوطن»